


بەشی دووەم

# هاوڕێیەتی دروست کردن لە نێوان Google و ماڵپەڕەکەت.

ئاسۆ نادری

وەک لە بەشی یەکەمی ئەم بابەتەدا ئاماژەم بەو خاڵە سەرەکیانە دا کە گرنگن بۆ دەرکەوتنی ماڵپەڕەکەت لە گەڕۆکەکانی وەک گووگڵ و هتد...

لە بەشی یەکەم دا تا خاڵیک گەیشتین کە تێیدا باسی Sitemap ـ م کردووە بە شێوەیەکی گشتی.

دەبێ چی لەبەرچاو بگرم پێش ئەوەی نەخشەی ماڵپەڕەکەم دروست بکەم؟

* ئەگەر ماڵپەڕێکت هەیە کە زۆر بەستەری تێدایە بۆ نموونە ١٠٠٠ بەستەر، دەتوانی ١٠ نەخشەی ماڵپەڕی بۆ دروست بکەیت.

واتە هەر نەخشەی ماڵپەڕێک دەبێ ١٠٠ بەستەر زۆرتری تێدا نەبێت گەر دەتەوێ یاساکانی Google لەو بارەیەوە پێڕەو بکەیت، بە شێوەیەکی ئاسایی ناوی نەخشەی ماڵپەڕێک sitemap. xml دەبێت، بەڵام گەر لە دەنکێک زۆرترت هەبوو دەتوانی بە sitemap.xml, sitemap2.xml و هتد ناویان لێبنێی.

بۆ ئەوەی پەڕگەی نەخشەی ماڵپەڕ دروست بکەیت، سەردانی ئەم بەستەرە بکە و دواتر بەستەری ئەو ماڵپەڕە لە خانەی URL دا بنووسە کە دەتەوێ نەخشەکەی بۆ دروست بکەیت.

http://www.xml-sitemaps.com

گەر بەستەرەکان زۆر بن کەمێک کات دەبات بۆ ئەوەی ئەنجامی کارەکە پیشان بدات.

پاش تەواوبوون پەڕگەی sitemap. xml پاشەکەوت بکە و دواتر لە نێو root ی ماڵپەڕەکەت دایبنێ.

هەروەها دەتوانی نەخشەی ماڵپەرەکەت بە فۆڕماتی HTML پاشەکەوت بکەیت و ئەویش بە هەمان شێوە بەکار ببەی، بۆ نموونە Google بۆ خۆی بەم شێوەیە نەخشەی ماڵپەڕی خۆی داڕشتووە:

http://www.google.com/sitemap.html

ئەمەش بەستەری ئامرازەکانی Google ـە بۆ خاوەن ماڵپەڕەکان و هەروەها لە بەشی یارمەتی بە پێی پێویست روون کراوەتەوە کە دەبێ چ بکەیت بۆ ئەوەی نەخشەی ماڵپەڕەکەت بخەیتە بەردەست Google, هەروەها ژمێریاری تایبەت بە چالاکی و ناچالاکی ئەو نەخشەی ماڵپەڕەت بۆ دەردەکەوێت پاش سەلماندنی ئەوەی کە راستە ئەو نەخشەی ماڵپەڕە هی تۆیە، ئەوەش بە دانانی کۆدێکی Google جێبەجێ دەبێت لە نێو ماڵپەڕەکەت.

لە بیرت نەچی کە نە خشە ی



ماڵپەڕ نابێ نەگۆڕ بێت، بە واتایەکی تر پێویستە ماوەیەک جارێک نوێی بکەیتەوە لەگەڵ نوێکردنەوەی ماڵپەڕەکەت، گەر بەستەرێکی نوێت زۆرکرد لە ماڵپەڕەکەتدا، لە نەخشەی ماڵپەڕەکەشدا دایبنێ، چونکە Google لە هەنگاوی یەکەمدا چاو لەو نەخشەی ماڵپەڕە دەکات کە داتناوە.
https://www.google.com/accounts/Service... &hl=en

* لە تایبەتمەندیەکانی دیکە کە دەبێ وەک خاوەن ماڵپەڕ لەبەرچاوی بگری بۆ ئەوەی شوێنێکی باش و بەرچاو لە گەڕۆک دا وەدەست بێنی ئەوەیە کە دۆمەینی ماڵپەڕەکەت لەگەڵ ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکەت یەک بگرێتەوە، واتە گەر ماڵپەڕێکت هەیە بابەتی سیاسی بڵاو دەکاتەوە، ئەوا دۆمەینەکەی بە شێوەیەک تۆمار بکە کە لە سیاسەتەوە نزیک بێت. دۆمەین یەکەم شتە گەڕۆک چاوی لێدەکات کاتێک دەگەڕێت بۆ ئەنجام، بە تایبەت Google.

* خاڵێکی دیکە، لە تاگی Keywords دا ئەو وشانە بەکار مەبە کە پەیوەندیان بە ناوەڕۆکی ماڵپەڕەکەتەوە نیە، تا ماوەیەک پێش ئێستا Keywords شتێکی زۆر گرنگ بوو بۆ ئەوەی کە بتوانی ئاستی ماڵپەڕەکەت لە گەڕۆکەکاندا ببیتە سەرێ، بەڵام لەبەر ئەوەی کە زۆر کەس ئەو تایبەتمەندیەی بە شێوەیەکی هەڵە بەکار برد، Google ستراتیژی خۆی گۆڕی و لە دۆزینەوەی ئەنجامەکاندا تەنیا پشت نابەستێتە Keywords، بەڵکوو ناوەڕۆکی ماڵپەڕ لە ئێستا دا زۆر زۆر لە Keywords گرنگترە.

* بەستەر کردن، نموونەیەک، وا دابنێین کە تۆ ماڵپەڕێکت هەیە ناوی A ـە، منیش ماڵپەڕێکم هەیە ناوی B ـە و کەسێکی دیکەش ماڵپەڕی C هەیە، بەستەرێک هەیە لە هەردوو ماڵپەڕی A و B ـەوە کە روو دەکەنە ماڵپەڕی C، واتە ئەو دوو ماڵپەڕە بەستەر دەکەن بۆ ماڵپەڕی سێیەم، لەم حاڵەتەدا ماڵپەڕی سێیەم زۆرتر سوود دەبینێ و شانسی بەناوبانگ بوونی زۆرترە لە A و B، لێرەدا گرنگی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەستەر گۆڕینەوە چەندە گرنگە.

Google ئەوەشی لەبیر نەکردووە کە گەر ماڵپەڕەکانی A,B و C بەستەر لە نێوان خۆیاندا بگۆڕنەوە و بەستەر گۆڕینەوەکەش بەشێوەیەکی داڕێژراو/ سیستێماتیک بێت، ئەوا گووگڵ ئەو جۆرە بەستەر گۆڕینەوە وەک بناغەیەک بۆ بەناوبانگ بوونی ماڵپەڕێک لەبەرچاو ناگرێت.

گرنگتر ئەوەیە کە ئەو ماڵپەڕانەی کە بەستەر دەکەن بۆ ماڵپەڕی تۆ لەوەی خۆت بەناوبانگتر بن و Rank یان لە گووگڵ دا لەوەی خۆت لەسەرەوەتر بێت.

بە بڵاوکردنەوەی بەستەری ماڵپەڕەکەت لە Directory یان ماڵپەڕی وەک Kurdland.com/net دا بەسوود نابێت بۆ ماڵپەڕەکەت!

لە پەیوەندی لەگەڵ بەستەردانان دا، دانانی بەستەری یەک لایەنی سوودی زۆرترە لە دوو لایەنی، واتە گەر ماڵپەڕێک بەستەر بۆ ماڵپەڕی تۆ بکات، گرنگترە لەوەی کە تۆش بەستەر بکەیتەوە بۆ ماڵپەڕی ئەو، چونکە بەو شێوە دەردەکەوێت کە ماڵپەڕی تۆ گرنگترە لە هی ئەو. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ ئەوە بکەیتە شێوازی بیرکردنەوەت بۆ بەناوبانگ کردنی ماڵپەڕەکەت، ئەوە تەنیا خاڵێکە لەو هەموو خاڵانەی کە Google لەبەرچاویان دەگرێت، هەبوونی ناوەڕۆکی بەنرخ وا دەکات کە ماڵپەڕەکانی دیکە بەستەر بکەن بۆ ماڵپەڕی تۆ، ئەگینا پێم وانیە هیچ کەسێک بیەوێ بەستەر بکات بۆ ماڵپەڕێکی بێسوود، تەنیا لە حاڵەتێکدا نەبێ ئەویش ئەوەیە کە ماڵپەڕی بەستەر کەر لە بەستەر کراو کاولتر بێت.

* دووبارە بوونەوەی وشەیەک لە نێوان کۆمەڵێک



ماڵپەڕی زۆردا، نموونەیەک، من بابەتێک دەنووسم کە وشەیەکی تێدا بەکار دەبەم و ئەو وشەیە لە ١٠٠٠ ماڵپەڕی دیکەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەکار هاتووە، ئەو وشەیەش کە من بەکارم بردووە وشەیەکی گرنگە لە بابەتەکەم و وەک Keyword یێک چاوی لێدەکەم.

بەڵام لەبەر ئەو هۆیەی کە ئەو وشەیە لە زۆر ماڵپەڕی دیکەدا بەکار هاتووە، Google ئەو کات گرنگی دانیش بەو وشەیە کەم دەکاتەوە و وەک وشەیەکی رونووس کراو یان دووبارە بوو دەیژمێرێ، واتە گۆڕینی وشە یان بەکاربردنی Synonym لە بابەت دا کارێکی گرنگە.

* دەرکەوتنی بەستەر، چۆنیەتی داڕشتن و دەرخستی بەستەر URL ی پەڕەکانی ماڵپەڕێک لە خۆیدا کاریگەری دەبێت لەسەر ئاستی ماڵپەڕەکەت لە گەڕۆکەکاندا، بۆ نموونە گەر بەستەری ماڵپەڕەکەت بەم شێوەیە index.php?page=1، باشتر وایە بیگۆڕی بۆ شێوەیەکی وەک ئەمە .index php?page=[page_name] یان .index php?page=Tutorials واتە ناوی پەڕەکە لە نرخی بەستەرەکەدا دەبێ دەرکەوێ و روون بێت، ئەوەش کار ئاسانیەکی دیکەیە بۆ زووتر index کردنی پەڕەکانی ماڵپەڕەکەت.

* دانانی فلاش یان وێنەیەک لە پەڕەی یەکەمی ماڵپەڕ دا، ئەو کارە یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانە کە دەکرێن و کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر ماڵپەڕ دەبێت، بەتایبەت لە پەڕەی سەرەتادا بەکاریان مەبە!

هەموو کات گەر پەڕگەیەکی فلاشت بەکار برد، لە تەنیشتیەوە وەشانێکی HTML لە هەمان پەڕگە دابنێ، گەر میوان نەیوسیت فلاش ببینێ، بتوانێ لەو پەڕەیە بە ئاسانی تێپەڕێ.

* بەکاربردنی JavaScript بۆ هەندێک مەبەست و کار ئاسانی کارێکی باشە، بەڵام زۆربوونی لە ماڵپەڕدا وەک فلاش و وێنە کاریگەری خراپی دەبێ.

لە کۆتاییدا ئەمەش ماڵپەڕێک بۆ ئەوەی بزانی کە ماڵپەڕەکەت تا چەندە بەناوبانگە بە زانینی Rank ی ئەو ماڵپەڕە:

http://www.pagerank.net/pagerank-checker

**پوختەی ئەم بابەتە،**

Google سیاسەتێکی زۆر مەنتقی و تێگەیشتوو بەکار دەبات لە کارەکانیدا، هەر ئەوەش وای لێکردووە کە ئێستا یەکەمین و بەناوبانگترین گەڕۆکە لە سەر وێب دا.

تۆش وەک خاوەن ماڵپەڕ دەتوانی بە پەیرەوی کردن لەو خاڵە ئاسان و بەجێیانەی Google ماڵپەڕێکی پڕ ناوەڕۆک و بەسوود دامەزرێنی کە سوودی هەبێت بۆ میوانانی و هەم خۆشت سوودی لێ ببینی، بۆ نموونە سەیرێکی ئەم بابەتە بکە

http://www.all4kurds.net/Meko/viewtopic.php?id=917

پێویست ناکات شێوازی نا ئاسایی وەک رێکلامی زۆر و هتد بەکار ببەی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی ماڵپەڕەکەت، Google بۆ خۆی خاوەنی AdWords ـە، بەڵام لە زاری خۆیانەوە ئەوەیان راگەیاندووە گە بە هیچ شێوەیەک هاوکاری ئەو ماڵپەڕانە ناکەن (ئەوانەی کە لە AdWordsدا خۆیان تۆمار دەکەن) بۆ بەهێزتر کردنی شوێنەکانیان لە گەڕۆکەکەدا و بەڵکو رێژەی سەرکەوتنیان دەگەڕێتەوە بۆ هەمان ئەو خاڵانەی کە لەم بابەتەدا باس کراوە.

